www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:34:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## کەمپینێک بۆ ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید

بەرێزان

پرۆسەی ئەنفال، گەورەترین پرۆسەی پاکتاوی نەژادی بوو لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە . شاڵاوەکانی ئەنفال لە 18 فیبریوەری 1988 دەستی پێکرد بەردەوام بوو هەتا 6 سیپتەمبەری 1988 ، لەم شاڵاوانەدا جۆرەها چەکی قورس و سووک و چەکی ژەهراوی بەکارهێنرا، 182 هەزار لە خەڵکی سیڤیلی کورد زیندە بەچاڵ کران، بە سەدان شارۆچکەو دێی کوردستان لەگەڵ زەوی تەخت کرا، کانی وسەرچاوەکان کوێر کرانەوە، بە سەدان ژن ومناڵی کورد وەکو کۆیلە بە وڵاتانی عەرەب فرۆشران . ئەوانەی لەم شاڵاوە ڕزگاریان بوو، خەڵکانیکی بە جەستەزیندوون، هەتا ئێستاش ئاسەواری سیکۆلۆژی ئەم کارەساتەیان پێوە دیارە .

زۆربەشمان ئاگاداری ئەوەین کە هەموو ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کوشتاری بەکۆمەل بوونەتەوەزۆربەیان توانیویانە گەورەترین گورزی سیاسی لەو ولاتە بکەنەوە کە تاوانەکەی ئەنجام داوە . ئێمەدەبێت دان بەوە دابنێین کەدواکەوتووترین نەتەوەین لەم بوارەدا، وە ئەم ئەرکە مێژوویەمان زۆر دواخستووە، پێویست بووهەر زۆر زوو ئەم هەنگاوەی ئێستامان بهاوێشتایە.

ئێمە لێرەدا وەک ناوەندی چاک کۆمیتەی سوید، ئەم نامەیەی کە بەزمانی سویدی وکوردی نوسراوە، ئاراستەی پەرلەمانی سویدی دەکەین،

کوردستان نێت

Kurdistannet کوردستان نێت

www.kurdistannet.org

22-10-2006 23:34:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆیەداوا لە کوردانی دانیشتووی سویدئەکەین کەبە ئیمزای خۆیان پشتیوانیمان لێ بکەن و ئەمەش بە ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بزانن. چاوەڕوانی هیمەتی پشتیوانی هەموو لایەکین.

بۆ زانیاریتان ئەم کەمپینە تا 2006/12/31 دەخایەنێت، دواتر پێشکەش بە پەرلەمانی سویدی دەکرێت.

بۆ ناردنی پشتیوانیەکانتان ئەتوانن پەیوەندی بەم ئێمایلانەوە بکەن :

rezwankader@hotmail.com

ronakshwani3k@hotmail.com

ئەمەش دەقی نامەکەیە بە هەردوو زمانی کوردی وسویدی.

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## بۆ ئەندامانی پەرلەمانی سوید

## پشتگیری بۆ ناساندنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید

بەڕیزان، ئەندامانی پارلەمانی سوید،

ئێمە وەکو ڕێکخراوەی ناوەندی چاک (ناوەندی هەلەبجە دژی ئەنفالکردن و ژینۆسایدکردنی گەلی کورد)، ئێوە وەکو کەسانێکی دۆستی گەلی چەوساوەی کورد سەیر دەکەین، پێمانوایە ئێوە دەتوانن بێلایەنانە و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە لە ڕەوایی دۆزەکەمان بگەن. ئێمە داوا دەکەین ئێوەی بەرێز پشتگیری داوایەکی ڕەوا بکەن، ئەویش بەژینۆساید ناسینی هێرشە سەربازیەکانی رژێمی ئێراقە کە لە ساڵی 1988 دا کردیانە سەر دانیشتوانانی دێهاتەکانی کوردستان.

www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:34:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هێرشەکانی شاڵاوی ئەنفال گەورەترین کارەساتە کە بەسەر خەڵکی باشووری کوردستاندا هاتبێت. چونکە ڕژێمی بەعسی پێشووی ئێراق لە هێرشەکانی ئەنفالدا بەشێکی دیاریکراوی نەتەوەی کوردی لەناوبرد. دەکومێنتەکانی ڕژێمی بەعس خۆیان ئاماژە بە بڕیاری لەناوبردن دەکەن و مەبەستی لەناوبردن دەسەلمێنن. هەربۆیەش هێرشەکانی ئەنفال لەلایەن ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و دادگای هایی هۆڵاندی بە تاوانی ژینۆساید داندراوە.

هێرشە سەربازیەکانی شاڵاوی ئەنفال کە لە 21ی فێبریوەری تا 6ی سێپتەمبەری ساڵی 1988ی خایاند. خودی شاڵاوە سەربازیەکە، کۆمەڵە هێرشێکی سەربازی یەک لە دوای یەک و سیستەماتیکی بوو لە دژی دانیشتوانانی کوردستان لەو ناوچانەی بە "ناوچە قەدەغەکراوەکان" ناوزەد کران، هەموو مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە پاککرانەوە، هەزاران گوند سوتێنران و لەگەڵ زەویدا تەختکران. بۆمبباران بە چەکی قورس و ژاری کیمیاوی، کوشتن و گوللەباران کردن، تاڵانکردن، کۆیلەکردن و بازرگانی بە ژنانی کورد، بەکۆمەڵ گرتنی ژن و منداڵ، پیر و لاو و بردنیان بۆ بیابانەکانی خوارووی ئێراق و چارەنوسی نادیار، زیندەبەچاڵکردن و بەکۆمەڵکوشتن، هەموو ئەو تاوانکاریانە لە پرۆسەی ژینۆسایدکارانەی ئەنفال بەخەستی ئەنجام دران. بە پێی ئەو دەکومێنتانەی ئێستا لەبەردەستدان، ئەو لەناوبردن و پاکتاوە بە بڕیاری فەرمی ڕژێمی بەعس بووە و لەژێر سەپەرشتی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە "عەلی کیمیاوی" بەرپرسی بیرۆی باکور، ئەنجام دراوە. ئەنجامی ژینۆسایدەکەی ئەنفال جگەلە کاولکردن و سوتاندنی ناوچە قەدەغەکراوەکان، جگەلە زیانە ئابوریە گەورەکان کە بە خەڵکی ئەو ناوچانە کەوتن، بەپێی خەملاندنەکان زیانی گیانی خۆی لە 182000 مرۆڤی کورد دەدات، تەنها لە شاری هەڵەبجەدا زیاتر لە 5000 کەس بوونە قوربانی کیمیاباران و هێرشی ژینۆسایدکارانەی ڕژێمی ئێراق.
دۆزینەوەی گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵی پڕ لە ژن و منداڵ، گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفال لەلایەن بە سەدان و هەزاران دیتەری ڕزگاربوو، بە سەدان دەکومێنت، بەتایبەتی ئەو دەکومێنتانەی کە بڕیاری لەناوبردنی گروپی دیاریکراو دەگرنەخۆیان، ئاماژە بە ژینۆسایدێکی پلانبۆدانراو دەکەن، ئاماژە بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێکی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی ئێراقیەوە دەکەن. ئەوەش دەچێتەژێر مەرجەکانی بوونی ژینۆساید بەپێی ئەرتیکلی 2ی کۆنڤێنسیۆنی ژینۆسایدی UN کە لە سێپتەمبەری 1948 دا مۆرکراوە.

پشتگیری ئێوە لە ناسینی هێرشەکانی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید، پاڵپشتێکی گەورە دەبێت بۆ ناساندنی ئەو تاوانە وەکو ژینۆساید لەسەر ئاستی جیهانی. هەروەها پشگیریەکی مۆرالیانەی مرۆڤانەیە بۆ هەموو گەلی کورد کە خەبات بۆ ناساندنی ئەو تاوانە وەکو تاوانی ژینۆساید دەکات.

لەگەڵ سوپاسماندا
ناوەندی چاک /سوید

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

**Hej ,**

**Anmodan om Er namnteckning**

## Erkänn mordkampanjen ”Anfal” som folkmord!

Sverige har alltid spelat en viktig roll för frågan om respekt för mänskliga rättigheter. Sveriges stöd för det kurdiska folket och den kurdiska frågan är enormt.

Mordkampanjen-*Anfal* leddes av "Kemiske Ali", Saddams kusin. *Anfal*-kampanjen, började den 18 februari 1988 och slutade den 6 september 1988. Det är en av de grymmaste exemplen på etnisk rensning som ägt rum efter andra världskriget. Den är till sin art en kopia av förintelsen, men i mindre omfattning. *Anfal*-kampanjen var utstuderat och noggrant planerat och gick ut på att offren skulle lida maximalt för att sedan mördas kalltblodigt.

182 000 civila kurder blev utan urskiljning dödade: kvinnor, gravida, barn, spädbarn och ofödda barn, unga som gamla, friska som sjuka. Hundratals av de unga kurdiska flickor som ansågs av förövarna som speciellt vackra såldes efter systematiska våldtäkter vidare som pigor eller sexslavar i arabiska länder. En kvarts miljon kurder drevs på flykt och alla dessa har förlorat en eller flera släktingar och ibland hela sin familj. Armén jämnade deras byar med marken och dessutom blev de plundrade på allt de hade. Det finns tonvis med bevis som bekräftar att dessa brott mot civila hade skett. Efter Saddams fall hittades man minst 300 massgravar.

Mordkampanjen *Anfa*l är redan erkänd som ett folkmord av olika organisationer som verkar för mänskliga rättigheter, samt av den internationella brottsmålsdomstolen i Lahay (Belgien Court or International War Crimes in Lahay) erkänt som "genocid". Domstolen fann också att *Anfal*-kampanjen mot kurderna uppfyller kriterierna i artikel 2 av FN-konventionen om genocide som är ratificerad sedan år 1948.
*Anfal* är en svart fläck i mänsklighetens historia och måste erkännas som folkmord riktat mot försvarslösa civila kurder!

Vi uppmanar Er alla ledamöter i den svenska riksdagen att skriva på vår vädjan om att 182 000 civila kurdiska offer som förlorade sina liv under *Anfal* erkänns som offer för ett folkmord, vilket skulle innebära att omvärlden solidariserar sig med brottsoffren. Sverige har alltid visat stöd för förtryckta folkgrupper. Sverige har även agerat rättrådigt för att befästa mänskliga rättigheter, ömsesidig respekt och samförstånd mellan olika folkgrupper.

Att erkänna *Anfal* som ett folkmord är en upprättelse för hundratusentals offer, en kvarts miljon döda och levande offer som drabbades hårt av *anfal* kampanjen.

**Vi hoppas att ni skriver under att ni stödjer vår kamp för att Anfal erkänns som ett folkmord.**
**Maila oss på adress:**
**rezwankader@hotmail.com**
**ronakshwani3k@hotmail.com**

Tack för Ert stöd!

**Med vänliga hälsningar!**

Halabjacenter mot Anfall och folkmord på kurderna (**The Centre of Halabja against anfalization and genocide of the kurds)**

Lägg till din signatur

Förnamn och Efternamn
Adress
Sysselsättning